# گرفتی لێکۆڵینەوە لە نامە ئەکادیمییەکاندا

د.فوئاد ڕەشید
(زانکۆی سەلاحەددین - کۆلێژی پەروەردەی بنیات)

ئاشکرایە ئەنجامدانی هەر لێکۆڵینەوەیەکی زانستی یاسا و بنەمای خۆی هەیە، ئەم بنەمایانە لە چوارچێوەی پلانێکی ورد و لە میانی چەند هەنگاوێکی بابەتیانەی یەک لە دوای یەکدا، جێبەجێ دەکرێن، واتە پلانی لێکۆڵینەوە، لەڕێگەی چەند ناوونیشانێکی سەرەکی و لاوەکییەوە، کۆمەڵێ بڕگە و بابەت لە خۆدەگرێت، کە هەریەکەیان ئەرک و ڕۆڵی خۆی دەبینێت لە تەواوکردنی لایەنێکی لێکۆڵینەوەکە و هەریەکەشیان شوێنی شیاوی خۆی لەسەر ڕووبەری نەخشەی پلانەکەدا هەیە.

بەشێوەیەکی گشتی بڕگە پێکهێنەرەکانی پلانی توێژینەوە بریتین لە:

- ناوونیشانی لێکۆڵینەوە (عنوان البحث Research Title)
- پێشەکی (مقدمة Introduction)
- گرفتی لێکۆڵینەوە (مشكلة البحث Research problem)
- گرنگی لێکۆڵینەوە (اهمية البحث Research im-portance)
- میتودی لێکۆڵینەوە (منهجية البحث Research Methodology)
- نموونەی لێکۆڵینەوە (عينة البحث The research sample)
- سنووری لێکۆڵینەوە (حدود البحث Rsearch lim-its)
- لێکۆڵینەوەکانی پێشوو (الدراسات السابقة Pre-vious studies)
- بنیادی لێکۆڵینەوە (هيكل البحث Structure Search)



بێکەس

- سەرچاوەکان (المراجع References)

دیارە هەر بڕگەیەک لەم بڕگانەی سەرەوە، جومگەیەکە لە بنیادی پێکهاتەی لێکۆڵینەوەیەکی ئەکادیمی، لەم کورتە نووسینەدا و لەنێو ئەم پێکهاتانەدا تەنیا باسی مەسەلەی گرفتی لێکۆڵینەوە (مشکلة البحث Re-search problem) دەکەین، چونکە سەرنجمان داوە لە نامە ئەکادیمییەکانی بەشە کوردییەکانی زانکۆکانماندا - تارادەیەکی زۆر - بە دروستی مامەڵە لەگەڵ ئەم جومگە گرنگەی لێکۆڵینەوەی زانستی نەکراوە.

*** چەمکی گرفتی لێکۆڵینەوە:**

ئەگەرچی بەدەربڕینی جیاواز و لە دیدی جیاوازەوە چەمکی (گرفتی لێکۆڵینەوە) پێناسەکراوە، هەندێ لە شارەزایان لە پێناسەیەکی سادە و کورتدا دەڵێن:

- بوونی (هەڵوێستێک، دۆخێک، دیاردەیەک)ی ئاڵۆزە و لێکدانەوەیەکی روونی دیاریکراوی بۆ نەکراوە. (١)

- دەرککردنە بە کەموکوورییەکی مەعریفی لە لایەنێکی بابەتێکدا و حەزکردن بە پڕکردنەوەی کەموکوورییەکە، یان گەیشتن بە حەقیقەتی کەموکوورییەکە. (٢)

- پرسیارێکە لە هەر بوارێکی مەعریفیدا، پێویستی بە وەڵامێکی بابەتییانەیە. (٣)

*** پێگە و بایەخی (گرفتی لێکۆڵینەوە)**

دەتوانین بڵێین ئەو گرفت و کێشەیەی کە لێکۆڵەر دەیەوێت لێی بکۆڵێتەوە، دەبێتە جەوهەری ناوەڕۆکی کارەکەی، چونکە سەرکەوتوویی لێکۆڵەر لەسەر چۆنیەتی و چەندێتی خستنەڕوو و یەکالاکردنەوەی جەمسەرە جیاوازەکانی گرفتی لێکۆڵینەوەکەی ڕادەوەستێت. لەلایەکی دیکەشەوە گرنگی (گرفتی لێکۆڵینەوە) لەوەدا دەردەکەوێت کە گرفتی بابەتێکی نوێ بێت و پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە نێوەندی بوارەکەی خۆیەوە هەبێت و چەند ڕۆڵی دەبێت لە وروژاندنی ڕەهەندی دیکەی بابەتی کار لەسەر کراو، چەندە توانیویەتی چارەسەر و دیدێکی نوێ پێشکەش بکات، یان بۆچوونەکانی پێش خۆی بگۆڕێت.

*** شێوازی خستنەڕووی گرفتەکە:**

بۆ شێوازی داڕشتنی گرفتی لێکۆڵینەوە ئاماژە بۆ دوو شێواز دەکرێت(٤):

- بەزمان و دەربڕینێکی روون و دیاریکراو، جەوهەری کێشەکە دەخاتە ڕوو.

بەشێوەیەک زۆر بە وردی جەمسەر و ناوەڕۆکی بواری کێشەکە دیاری دەکات کە ئاڵۆزی و ناڕوونییەکی تێدا نەمێنێت.

- هەندێک لە شارەزایانی بواری لێکۆڵینەوەی زانستی ئەوە بە باشتر دەزانن کە گرفت و کێشەی لێکۆڵینەوە لە چوارچێوەی داڕشتنی پرسیارێکدا بخرێتە ڕوو، لەم شێوازەدا ئەوە بەدی دەکرێت کە لێکۆڵەر دەیەوێت وەڵامی پرسیارێکی دیاریکراو بداتەوە. لێرەوە چەمکی پرسیاری لێکۆڵینەوە (Research Question) دێتە ئاراوە.

بەلای ئێمەوە داڕشتنی گرفت و کێشەی لێکۆڵینەوەکە بە هەر شێوازێکیان بێ ئاساییە، ئەوەی پێویستە لێرەدا جەختی لەسەر بکەینەوە، ئەوەیە کە (گرفت و کێشەی لێکۆڵینەوە) مەسەلەیەکی بابەتی و زانستییە، جا چ لە بواری زانستە مرۆڤایەتییەکاندا بێت، یان زاستە پەتییەکان، واتە گرفت و کێشەیەکی زانستی و مەعریفییە، نەوەک خودی و تاکەکەسی بێت.

بوار و کایە زانستی و مەعریفییە جیاوازەکان هەر یەکەیان تایبەتمەندی خۆیان هەیە، بۆیە پێویستە لێکۆڵەر ڕەچاوی ئەم تایبەتمەندییە بکات، ئەوەی لێرەدا دەمانەوێت سەرنجی بۆ ڕابکێشین کە پەیوەستە بەم تایبەتمەندییەوە مەسەلەی (گرفت و کێشەی لێکۆڵینەوە)یە، چونکە هەر بوارێکی زانستی گرفت و بابەتی کێشەداری خۆی هەیە. بۆ نموونە لە بواری کۆمەڵناسی و دەروونناسی و پەروەردەدا، زۆربەی کێشەکان ئامادەبوونێکی واقیعییان هەیە و ئاشکراتر خۆیان نیشان دەدەن، بەشێوەیەک هەست بە بوونی کێشە و ناخۆشییەک، یان نارێکییەک دەکرێت کە پێویستییان بە چارەسەرکردنە، لێرەوە لێکۆڵەری ئەم بوارە دەبێت بیر لە چارەسەر و پێشنیار و ڕاسپاردە بکاتەوە.

هەرچی کێشەکانی بواری ئەدەبناسییە پتر تیورین و سەر بە دنیای ئەدەب و ڕەخنەن، کەواتە لێرەدا پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە خودی چەمکی (گرفت، یان کێشە) لە هەر بوارێکدا دەلالەت و ئەدگاری تایبەت بە خۆی هەیە.

بۆ نموونە چەمکی گرفت لە ئاست لێکۆڵینەوەیەکی وەک (هۆکارەکانی دابەزینی ئاستی زانستی قوتابیانی قۆناغی ئامادەیی) جیاوازە لە ئامادەبوونی چەمکی گرفت و کێشە لە لێکۆڵینەوەیەکی بواری (کێشناسی شیعر)، یان بواری (تەکنیکی گێڕانەوە).

پێم وایە فەرامۆشکردنی ئەم لایەنە و تێکەڵکردنی چەمکەکان، جۆرێک لە خراپ حاڵیبوونی هێناوەتە نێو نامە ئەکادیمییەکانی بەشە کوردییەکانی زانکۆکانمانەوە، بەتایبەتی نامەکانی تایبەت بە ئەدەب و ڕەخنەی کوردی. لە کارەکانی زۆربەشماندا بە مامۆستا و قوتابی خوێندنی باڵاوە - بە نووسەری ئەم وتارەشەوە- ئەم هەڵەیەمان بەسەردا تێپەڕیوە.

بۆ نموونە ئەگەر سەرنجێکی ئەم نامانە بدەین، جۆری خراپ حاڵیبوونەکە ڕوونتر دەردەکەوێت، کاتێ ببینین نووسەرانی ئەم نامانە چییان بۆ برگەی «گرفت، یان کێشەی لێکۆڵینەوە»کانیان نووسیوە:

- لە ماستەرنامەی (لادان لە شیعری لەتیف هەڵمەتدا) نووسراوە «..ئێمەش کەمی و دەست نەکەوتنی سەرچاوەی پێویست و دەوڵەمەند لەم بوارەدا بە زمانی کوردی گرفتی سەرەکی لێکۆڵینەوەکەمان بوو...» (٥).

- لە ماستەرنامەی (ڕەهەندی ئەفسانەیی لە شیعرەکانی نەوزاد ڕەفعەت دا) نووسراوە «کەمی و دەستنەکەوتنی سەرچاوەی پێویست.. بەزمانی کوردی... لێکۆڵەر.. کاتێکی زۆری بۆ تەرخان کرد بۆ وەرگێڕانی سەرچاوەکان» (٦)

- ماستەرنامەی (جیهانبینی ئایینی و میتافیزیکی لای گۆران) لە ژێر ناوونیشانی (گرفتی لێکۆڵینەوەکە) نووسراوە «لەم لێکۆڵینەوەدا لەبەردەم دوو گرفتدا بووین، گرفتی یەکەمیان کە هەر سێ چەمکی (جیهانبینی و میتافیزیک و ئایین) لە کتێبخانە و ڕۆشنبیری کوردیدا کەمترین توێژینەوەیان لەبارەوە کراوە. گرفتی دووەمیش لە بەشی پراکتیکی و لێکۆڵینەوە لە شیعرەکاندا هاتووەتە ئارا، لەوەی کە پێش ئێمە کەمترین باس لەو پرسانە کراوە...» (٧).

- لە نامەی دکتۆرای (ئیستاتیکا جهی د هوزانا هەڤچەرخا کوردیدا) نووسراوە «هەژارییا پەرتوکخانێن کوردی گیر و گرفتەکا بەردەوامە لبەر سینگێ ڤەکولورێن کورد» (٨)

- نووسەری نامەی دکتۆرای (کۆلۆنیالیزمی ئینگلیزی و ئەدەبیاتی ڕۆژنامەنووسیی کوردی لە عێراقدا ١٩١٨-١٩٥٨) دەڵێت «گەورەترین گیروگرفت ڕووبەڕووی لێکۆڵەر بۆتەوە لە سنووری لێکۆڵینەوەکەدایە»! (٩)

دەستنیشانکردنی سنووری لێکۆڵینەوە چ لە ڕووی قۆناغ و کاتەوە و چ لە ڕووی بابەت و نموونەی کار لەسەرکردنەوە، بەشێک نییە لە (گرفتی لێکۆڵینەوە)، بەڵکو ئەرکێکی لێکۆڵەرە. خۆی ئەم سنوورە دیاری دەکات، بەمەبەستی پتر ڕێکخستن و کۆنترۆڵکردنی بابەتەکەی.

- نووسەری ماستەرنامەی (هونەری فانتازیا لە چیرۆکی کوردیدا) نووسیویەتی «... سەرچاوە بە زمانی کوردی زۆر کەم بوو... کەم بوونی کات بۆ وەرگێڕان...» (١٠)

- لە ماستەرنامەی (ڕەهەندی کۆمەڵایەتی لە شیعرەکانی حاجی قادر و بێکەس دا) لە ژێر ناوونیشانی (گرفتی لێکۆڵینەوەکە) نووسراوە «بێگومان هیچ لێکۆڵینەوەیەک بە بێ گرفت و تەگەرە بەرهەم نایەت، یەکێک لە سەرەکیترین ئەو گرفتانەی هاتووەتە پێشم:

شکانی هەر دوو دەستم...» (١١)

ئەگەرچی یەک بەیەکی ئەم ئاماژە پێدانانە بە گرفتی لێکۆڵینەوە، چەندان قسە و سەرنج هەڵدەگرن، بەڵام واز لەم لایەنە دەهێنین و دەڵێین هەر هەموویان لەو هەڵەیەدا هاوبەشن کە ئەو خاڵانەی نووسیویانە ئەوانە گرفتی لێکۆڵینەوە نین بە مانا و مەبەستە زانستییەکەی. لەم نموونانەی باس کران و لە زۆربەی هەرە زۆری نامەکاندا، (کەمی و نەبوونی سەرچاوە بەزمانی کوردی، نەزانینی زمانی دووەم، دووری ماڵی قوتابی لەهەندێ کتێبخانەوە، مردنی کەسێکی قوتابی، نەخۆشکەوتنی قوتابی، ڕوودانی هەندێ گرفتی کۆمەڵایەتی،......) ئەم حاڵەتانە و هاوشێوەکانیان بە (گرفتی لێکۆڵینەوە) لە قەڵەم دراون، لە کاتێکدا ئەم گرفتانە، گرفتی خێزانی و کۆمەڵایەتی و جوگرافی کەسی لێکۆڵەرن و هیچ پێوەندییەکیان بە مانا و مەبەستە زانستییەکەی چەمکی (گرفتی لێکۆڵینەوە)وە نییە.

دەکرێ گرفتی لێکۆڵینەوە لەبواری ئەدەب و ڕەخنەدا، پراکتیزەکردنی زاراوەیەک، یان میتودێکی ڕەخنەیی بێت بەسەر چەند دەقێکی ئەدەبیدا، بۆ ڕادەی دەرخستنی توانایی زاراوە و میتودەکە بێت لە شیکردنەوەی دەقدا، هەر بۆ نموونە (د.علي احمد العبيدي) لە لێکۆڵینەوەیەکیدا بەناونیشانی (العنوان في قصص وجدان الخشاب) ئاماژە بە گرفتی باسەکەی دەکات و دەنووسێت «تکمن مشكلة البحث في قراءة العنوان بوصفه مفتاحا اجرائيا في التعامل مع النص»، (١٢) واتا گرفتی لێکۆڵینەوەکە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، ناونیشانی وەک کلیلێک لە کردنەوەی جومگە داخراوەکانی دەقدا بەکارهێناوە. سەرنج بدەن نەینووسیوە گرفتەکە ئەوەیە کە (ماڵمان دوورە لە کتێبخانەوە !! یان کەوتم و پێم لە جێ چوو!! یان کتێبم بەدەست نەکەوتووە!!یان زمانی دووەم نازانم!!).

کەواتە: لە گرفتی لێکۆڵینەوەدا قسە لەسەر کێشەوگرفتێکی زانستی و مەعریفی دەکرێت. لە نێو بازنەی ئەدەبناسیشدا، پێویستە کارکردن بێت لەسەر بابەتێکی ئەدەبی و ڕەخنەیی، دەکرێ ساغکردنەوەی بابەتێکی ئەدەبی بێت، تایبەت بە ئەدگاری ئەزموونی ئەدەبی کەسێک، یان قۆناغ، یان بزاڤێکی دیاریکراو، یان دەکرێ گرفتی لێکۆڵینەوە دەرخستنی چۆنیەتی ئامادەبوونی وێنەی ئەوی دی بێت لە چەند دەقێکی ئەدەبیدا. دەکرێ و دەکرێ، دەیان بابەتی ڕەخنەیی و ئەدەبی ببنە کێشەیەکی زانستی و بابەتی بۆ چەندان لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی.

**پەراوێزەکان:**

**(١) البحث العلمي، د. ذوقان عبيدات و اخرون، الطبعة التاسعة، دار الفكر، عمان، ٢٠٠٥، ص٦١.**

**(٢)، (٣) مناهج البحث العلمي، موفق الحمداني وآخرون، الطبعة الاولى، مؤسسة الوراق، ٢٠٠٦ عمان، ص٥١-٥٢.**

**(٤) البحث العلمي، د. ذوقان عبيدات، ص٦٨-٦٩.**

**(٥) لادان لەشیعری لەتیف هەڵمەتدا، ناز احمد سعيد، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٠.**

**(٦) ڕەهەندی ئەفسانەیی لە شیعرەکانی نەوزاد ڕەفعەت دا، بێریڤان سەمەد حەوێز، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، ٢٠١١.**

**(٧) جیهانبینی ئاینی و میتافیزیکی لای گۆران، عەلی مستەفا کەریم، نامەی ماستەر، فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان (سکوڵی زمان)، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٢.**

**(٨) ئیستاتیکا جهی د هوزانا هەڤچەرخا کوردیدا، نەوزاد عەبدوڵلا بامەڕنی، نامەی دکتۆرا، کولیژا ئادابێ، زانکویا دهوک، ٢٠١٢.**

**(٩) کۆلۆنیالیزمی ئینگلیزی و ئەدەبیاتی ڕۆژنامەنووسیی کوردی لە عێراقدا، ئومێد ڕەحیم تاڵەبانی، نامەی دکتۆرا، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٣.**

**(١٠) هونەری فانتازیا لە چیرۆکی نوێی کوردیدا، ڕوناک سەلاح عەلی، نامەی ماستەر، کۆلیژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەددین، ٢٠١٥.**

**(١١) ڕەهەندی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی لە شیعرەکانی حاجی قادر و بێکەس دا، هەژار سلێمان ئەحمەد، نامەی ماستەر، کۆلیژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، ٢٠١٥.**

**(١٢) العنوان في قصص وجدان الخشاب، د.علي احمد محمد العبيدي، https://www.iasj.net/iasj?func=fulltext&aId=6234**